وەزارەتی نەوت داهاتی بەدەستهاتوی هەناردەی نەوت لە مانگی تشرینی دوەمدا بڵاودەکاتەوە



وەزارەتی نەوتی عێراق رایگەیاند، داهاتی بەدەستهاتوی هەناردەی نەوت لە مانگی تشرینی دوەمدا، زیاتر لە 6.5 ملیار دۆلار بووە. شارەزایەکی ئابوریش دەڵێت، داهاتی نەوتی عێراق بەراورد بە مانگی پێشوتر، لە مانگی رابردودا بەڕێژەی 6.2% کەمیکردووە.

وەزارەتی نەوتی عێراق، ئەمڕۆ پێنجشەممە، لە راگەیەندراوێکدا کۆدەستی موتەبع کۆتووە بڵاویکردۆتەوە، لە مانگی رابردودا بە تێکڕا 106 ملیۆن و 593 هەزارو 352 بەرمیل نەوت هەناردەکراوە کە داهاتەکەی زیاتر لە 6 ملیار و 595 ملیۆن و 391 هەزار دۆلار بووە.

بەپێی راگەیەندراوەکە، لەو بڕە نەوتەی کە لە مانگی رابردودا هەناردە کراوە، 7 ملیۆن و 583 هەزار و 733 بەرمیل نەوتی هەرێمی کوردستان بووەو لە رێگەی بەندەری جەیهانی تورکییەوە هەناردە کراوە.

لەوبارەیەوە نەبیل مەرسومی، شارەزای ئابوریی عێراقی، وتویەتی، لە مانگی تشرینی یەکەم

(مانگی 10)دا، تێکڕای داهاتی فڕۆشی نەوتی عێراق، 7.030 ملیار دۆلار بووە و لە مانگی رابردودا بە 595.6 ملیار دۆلار دابەزیوە، واتە بڕی 435 ملیۆن دۆلار و بەشێژەیی 6.2% کەمیکردوە، ئەوەش بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت بۆ 62 دۆلار بۆ بەرمیلێك.

ئەوەشی خستەڕوو، داهاتی نەوتی بەدەستهاتوی مانگی رابردو تەنیا بەشی موچەی دەکات، ئەوەش لەدوای لێدەرکردنی شایستەکانی کۆمپانیا بیانییەکان کە مانگانەی نزیکەیی یەك ترلیۆن دیناری عێراقییە.